# سیاسەتی ئەمپریالیستی ئەمریکا و خوش باوەری ئەحزابی ناسیونالیستی کورد

**ئەحمەد نیکجو**

داگیرکاری ئەرمریکا لە ئیراق، بو بە خیروبیر وە رژاوە بوسەر کوماری ئیسلامی ئیران دا کە بە خەویش نەیدەدی. هەل پیچانی دام و دەستگای حزبی "بەعس" وە لە سێدارەدانی "سەدام حسەین" بو بە هوی بەدەسەلات گەیشتنی ئەحزابی شیعە کە هەمویان دەست پەروەردەی حکومەتی ئیسلامی ئیرانن.

ریکخستنی چەندین لەشکرو سپاە، وەکو لەشکەری "بەدر" و "سپای مەهدی" و زیندان و ئەشکەنجەگای تایبەت بە خویان. ناردنی بە لیشاو چەک و تەقەمەنی وە تەدریبی سیخورو ترۆریست لە ئیرانەوە وە رەوانە کردنیان بو ئیراق. زەخت خستنەسەر ئەحزابی کورد، وە پاش گەزکردنیان لە داخوازیەکانیان یەک لە دوای یەک. رەوانە کردنی ئەنواعی موادی موخەدیر وە کەلوپەلی ئەکسپایەر یان بەسەرچو کە خەتەریکی گەورەیە بو خەلکی کوردستان.
توپ باران کەردنی هەر روژەی سنورەکانی هەریمی کوردستان، وە زەرەرو زیانی زور بە هاولاتیان. کەردنەوەی مەزگەوتی حسەینیە لە شاری سلیمانیە کە بو نمونە یەک شیعەی تیدا نیا. کەردنەوەی دو جاسوسخانە بە ناوی کونسولگەری لە هەولیر و سلیمانیە. خوو هەلقولتاندن لە کارو سیاسەتی حکومەتی هەریمی کوردستان.
گوراندەنی ناوی تەروریستە ئیسلامیەکان لە ژیر ناوی چەکدارانی نەناسراو. داگیرکەردەنی کومەلیک بیری نەوتی ئیراق لە مەنتقەقی سەر بە سنوری بەسرەو خوزستانی ئیران. دەزینی نەوتی ئیراق لە لایەن جەیشی مەهدی سەر بە "موقتەدەسەدەر" بە دریژای چەندین سال.
دروست کەردەنی چەندین ریکخراوەی کونەپەرەستی ئیسلامی وە تیکەلکەردنی کومەلگای کوردەواری بە دواکەوتوترین ئەحکامی عەسری حەجەری بو نمونە کوشتنی بە هەزاران ژن و کەچ لە ژیر ناوی ناموس و ناموس پەرەستی. زەخت خستنەسەر حکومەتی هەریمی کوردستان، بو وەسکوت کەردەنی ئەحزابی باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان.
لە چەند روژ لەمەو پیش، ئەحمەدی نژاد سەرکوماری ئیران لە گەل ئەحزابی شیعەی ئیراق لە دانیشتنیکدا داوایان لی دەکات کە دەسەلاتی کورد لە ئیراق دەبیت سنوردار بکریت، هەر بویە لەشکەر کیشی بو سەر ئەو هەریمانەی کە کیشەیان لە سەرە، وەکو قەرەتەپە، سەعدیە، جەلەولا و خانەقین وە هەرەشە کەردەنی دەسەلات دارانی شیعە بو سەر هەریمی کوردستان دەست پی دەکات.

خەستنی سازمانی موجاهیدینی خەلق بو ژیر دەسەلاتی حکومەتی نوری مالیکی لە لایەن لەشکەری ئەمریکاوە بەمانای بەردەنی مەر بو قەساوخانەیە.
موقتەدا سەدەر، دەلیت ئەحزابی کوردی دەبیت دەفتەری نوینەرایەتیەکانیان لە شارەکانی دیالە لابەن. ئەمە لە حالیکدایە کە چەندین شاری دیالە کە کورد نشینەن وە بەشیک لەو هەریمانەن کە کیشەیان لە سەرە. بەشار ئەسەد سەروکی بە زور داسەپاو بە سەر خەلکی سوریەدا لە کوبونەوە چوار قولیەکەی لە گەل سەروک کوماری فەرانسە و بەحرەین و سەروک وەزیرانی تورکیە، لە شاری دەمەشق کە بە ریەوە چو دەلیت، سیستمی فیدرالی لە ئیراق ئەو ولاتە بەرو پارچە پارچە بون دەبات، بەشار ئەسەد بەمەش رازی نابیت و دەلیت مەسەلەی شاری کەرکوک ناوچەکە دەکەشیت بە ئاوردا.
حکومەتی تورکیەش بەرانبەر بە کیشەی کورد سیاسەتی ئاشکرایە.
حکومەتی ئەمریکا کە بوە بە قیبلەی دەسەلات دارانی کورد، بو یەکجار لە زاری دەرنایەت و بلیت کە ئیراق مەن داگیرم کەردوا، حکومەتی ئیران و تورکیا بوتان نیە هەمو روژیک توپ باران و بومبا بارانی بەکەن.
هەمو ئەمانە زەنگی خەتەرن کە دەسەلات دارانی کورد نە دەیبینەن و نە دەبیسەن. فەرشی سور و گولی سور نەما کە لە بەر پوستالی سەربازانی ئەمریکا وە "سەحامەتی ئایەتولا حەکیم"مەکان، مالیکەکان و جافریەکان دانەخریت وە هەر ئەوانەن کە ئیستا هەرەشە لە خەلکی کوردستان دەکەن.
ئیمە کومەنیستەکانی کوردستان لە روژی هەوەلەوە یەک بە یەک بە پی زانیاریک کە لە سیاسەتی ئەمپریالیستی و داگیرکەری ئەمریکا ئاگادارین، خوستومانەتە پیش چاو خەلکی کوردستان. نەیشمان وەتوە خەلکی چەک هەلگرنو لە گەل لەشکەری ئەمریکادا شەر بەکەن. وەتومانە خەلکینە بە گویی ئەحزابی ناسیونالیست هەلمەخەلەتەن و باوەریان پی مەکەن. ئەمریکا هیلکەی دوزەردەنەی بو کەس نەدکەردوا تا وەکو بو مەلەتی کوردی بەکات. وە ئەگەر دەتان هەویت بو رزگاری و سەربەستی تەبەکوشن، بە یەک گەرتنو بە هیزی جەماوەری خوتان پشت ئەستور بن. تەزاهوراتی خەلکی کەرکوک و خانەقین ئیسپاتی کەرد کە دەکریت پاشەکشە بە داگیرکرانی کوردستان بەکریت.

٩ی سەپتامبری ٢٠٠٨